# بۆچی  برِ یاری ز یاد کرد نی ی موچەی پاشماوەی قوربانییان دواکەوت ؟, کەی هەولێر دەگرێتەوە؟؟؟.

عەلی مەحمود محەمەد 24-5-2005

عەولەمە لەمەشا کاری خۆی کرد , 10 ساڵ لەمەوپێش داوا لە حکومەتی کوردستان , پەرلەمان , دارو بەردی دەسەڵاتداری کوردی کرا کە پاشماوەی قوربانییان بکرێن بە شەهید , هەرنا مانگانەو خەرجییەکییان بۆ ببرِنەوە  , لە دەرگای رۆژنامەو حیزب و رێکخراو نەما لێی نەدەین , بە پێ , بە رِیم کونەو کۆلانی پایتەخت نەما تەی نەکەین , هەموو بەیانامە و بانگەوازەکانییان وەرگرت و سەرییان لەقاندەوە و هیچییان نەکرد , داهاتی کوردستان بۆ (بانکەکانی ئەوروپا–شەرِی ناوخۆیی–بەرپرسان) خەرجکرا , ئەو خەڵکەش جەمەکانی خواردنییان کەم کردەوە , نازانم کورد لە کەیەکەوە ئورفەتی بە 3 ژەم نان خواردنەوە گرتووە؟؟ , بەڵام لەسەردەمی ئازادییدا , هەژاران ئەو ئورفەتەیان گۆرِی , کردییان بە یەك ژەم و لە باشترین حاڵدا دوو , چای خواردنەوە نەما , پەلاوو و گۆشت لە جەژنانیش خۆیان ناکرد بە ماڵاندا  . کام منالی باوك ئەنفالکراو هەیە چوبێتە قوتابخانە ؟؟؟ , کام ژنی گەنجی پیاو ئەنفال هەیە سەری سپی نەکردبێت و شوی کردبێتەوە ؟؟؟ کام دایەو بابەی جەرگ سوتاو هەیە بەبرسێتی سەرییان نەنابێتەوە ؟؟؟ هەموو ئەمانەمان بینی  , ئەوەی نەجولا ویژدانی بەرپرسان بوو , ئەوەی ورتەی لێوە نەهات لێوی ئەوان بوو , ئەوەی باسی ئەنفالی نەنوسی پێنوسەکانییان بوو , ئەوەی بریارێکی نەدا پەرلەمان و حکومەتەکانییان بوو  .

لە ئایاری 2002 دوە پاش 14 ساڵ لە کارەساتەکە , حکومەتی سلێمانی 200 دینار مانگانەی بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان بریبوەوە , ئیدارەی هەولێر ئەوەشی نەکرد بە ئێستاشەوە  , هەرچەندە ژمارەی ئەنفالەکانی سنورەکەی زۆر کەمتر و  دەستیشی پرِ تر بوو . کەس و کاری ئەنفالەکان و هەڵەبجە وایان لێ هاتبوو چاوپێکەوتنی رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رێکخراوەکانییان تەرك کرد , بۆ تەرکی نەکەن , حیزب و دەسەڵات لە ژییانێك ئەوانیش لە ژییانێك . سەدان و هەزاران جاشی کوژراو کران بە شەهید , بەڵام ئەوان کران بە مردوویەك بان قەبرەکەیان بوو بە  باشترین دوکانی بازرگانی.

16ی ئەم مانگە وزارەتی ئاوارەو ئەنفال سەر بە ئیدارەی سلێمانی بریارێکی دیکەی دەرکرد , ئەویش بە شەهید کردنی قوربانییانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالەکانە , لێرەدا دەبێت بپرسین بۆچی وەزیر ئەم مزگێنییەی لەیادی هەڵەبجەو ئەنفالا نەدا بە قوربانییان ؟؟, هەڵی گرت بۆ مانگێك دواتر .

ئەمساڵ بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوەوە  , یادی کارەساتەکان رەوتێکی کەی گرتە بەر , ئەویش کرایە رۆژی نارەزایەتی ئەم توێژە لە بەرامبەر دەسەڵاتداران  , دیارە میدییای ئازاد , سەتەلایتەکانی رۆژ تی ڤی و میزۆپۆتامیا , سایدە کوردییەکان , رۆژنامەکان رۆڵی کاریگەرییان گێرِا  بۆ لەقاودانی ئەم غەدرە گەورەیەی 14 ساڵە لەم خەڵکە دەکرێت , هاوکات رۆڵی هەندێك ناوەندو کۆرِو کۆمەڵێش  لەوانە ناوەندی چاك پێشرِەوانە بوو .

له یادی ئەنفالدا نوسەری ئەم چەند دێرە لە تەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیاو ژوری ئێرە دەنگی کوردستانە بە توندی قسەم کرد سەبارەت بەو نا عەدالەتییەی لە ئەنفالەکان دەکرێت , بەرپرسێك ئاگاداری کردمەوە کە هێڵی سورم بەزاندووە , برادەرێکی کە بە دڵسۆزییەوە پێمی ووت مەجالی ئەوەت نەهێشتۆتەوە بەرگریت لێ بکەین ! ! ! , بەڵام ئەوانەی ئازاری کارەساتەکەیان چەشتبوو دەست خۆشییان لێ کردم , نازانم چەندە هێڵی سورو ڕاستگۆیی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە , هەرچەندە زۆر ماوە بیڵێم و ساڵانی داهاتوو ئەوەی هێشتا لەژێر بەرەیە پێویستە بۆیان بخرێتە سەر بەرە , هەر ئەو ڕێگایەش ڕاستگۆیانەیە .

ئەمساڵ لەیادی کارەساتی گۆپتەپەدا نارەزایەتییەکان زیاتر تەقینەوە ,گەیشتە ئەوەی گەنجان بێدەنگ نەبن بەرامبەر بەو بەڵێنە درۆیانەی بەو خەڵکە دەدرێت , پێشبینی دەکرێت ساڵی داهاتوو پاشماوەی قوربانییان ڕۆژی یاداواری کارەساتەکانییان بکەنە ڕۆژی نارەزایەتی زیاتر لە هەلومەرجی ژییان و ئەو ناعەدالەتەی بەرامبەرییان دەکرێت , بۆیە بێ دوو دڵی دەڵێم ئەو بڕیارەی ئیدارەی سلێمانی بەرهەمی هەوڵی هەموو ئەودڵسۆزانە بوو , بەشدارییان کرد بە (قسەیەك , ڕستەیەك , بەیاننامەیەك ,بەرنامەیەك) , بەرهەمیی نارەزایەتییەکان بوو کە ئەم ساڵ گەیشتە ترۆپك .

ئایا ئەم هەنگاوەی ئیدارەی سولەیمانی هێشتا لە ئاستی قوربانی ئەو خەڵکەیە ؟؟ , لەو ڕۆژەی ئەم بڕیارە دەرەچێت , موکەڕەم تاڵەبانی بە **5500000** دینار خانەنشین دەکرێت , ئاخوا دەبێت چەند هەزاری وا بەو پلەیە خانەنشین کرابێت و چەند هەزار کەسی کە بە موستەشار و جێگیری وەزیر و وەزیر خانەنشین کرابن ؟؟.

له ووڵاتە مۆدێرنەکان پلەیەك داندراوە بۆ جیاوازی نێوان کەمترین و بەرزترین مانگانە , لە ئینگلتەرە ئەم جیاوازییە **1** بۆ **10** یە لە بەرزترین ئاستیدا , واتە جیاوازی مانگانەی بلێر و بێکارێك نابێت **1** بە **10** تێپەڕێنێت , بەڵام لە کوردستان جگە لەوەی شەفافییەت نییە و گەندەڵی بەربڵاوە , هاوکات لەشێوە فەرمییەکەشیدا جیاوازی مانگانە دەیان جارە , لە مانگانەی شەهید و ئەنفال و موکەڕەم تاڵەبانییەوە ئەو جیاوازییە بۆخۆتان دیاری بکەن , با من دیسان هێڵە سورەکە نەبەزێنمەوە , ئەمە سەرباری ئەوەی دەسکەوتی گەندەڵییەکانییان سەدان و هەزاران جار داهاتە فەرمییەکانە .

له هەولێر تا ئێستا پاشماوەی قوربانییان مانگانەی فەقیرانە وەردەگرن , وەك سەدەقەیەك , شەرم و نەنگییە لێرە ژمارەکەشی بنوسم , لە جیهانی مۆدێرن شتێك نەماوە ناوی فەقیرانە بێت , بەڵام لەکوردستاندا بوونی هەیە , لەو ئیدارەیە تا ئێستا بڕیارێك نەدراوە ووشەی ئەنفالی تێدا بێت ؟؟ , یارمەتی فەقیرانە مانای بەزەیی پێ هاتنەوەی دەسەڵاتدارانە بەو خەڵکە , نەك ئەوەی ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتوون بەری قوربانی ئەوان بێت ؟؟, ئەو پێکەی دەینێنە سەرەوە خوێنی ئەوان بێت , ئەو شەرابەی نۆشی دەکەن فرمێسکی دایکان و ڕەهێڵەی بارانی چاوی منداڵانی سەگ خواردوی عەرعەرو نگرە سەلمان بێت ! ! .

هەموو حکومەتی ئیدارەی هەولێر تا ئێستا چارەکی ئەحمەد ئیسماعیل یارمەتی ئەنفالەکانی نەداوە . نازانم تاکەی بێدەنگ بین بەرامبەر بەم هەڵوێستەیان ؟؟, سەرباری ئەمانەش دەیان تاوانباری ئەنفال لە هەردوو ئیدارەی کوردی بە نازو نیعمەتی کوردستانێك دەژێن کە ئەو خەڵکەی پێیان دەڵێن ئەنفال قوربانیی دەسکەوتەکانی بوون .